

ڕێزان ئەحمەد

یاریزانی نیشانەشکێنی یانەی سۆلاڤ:

# نیشانەشکاندن لەو یاریانەیە کە لە کوردستان گرنگیی پێ نەدراوە



*** هاتنت بۆ نێو دنیای وەرزشی بە پێشوەختە بوو، یاخود هەر لە ناکاو رووت لەم جیهانە کرد؟**

- هاتنم بۆ نێو دنیای وەرزش لەو کاتەوە بوو کە وەرگیرابووم لە کۆلێژی پەروەردە زانکۆی مووسڵ لە ساڵی ١٩٩٢، ئەوەش هاتنێکی لەناکاو بوو، چونکە پێشوەخت وەك یاریزان هیچ جۆرە وەرزشێکم ئەنجام نەدابوو.

***بۆچی لە ناو هەموو یارییە وەرزشییەکان بڕیاری یاریی نیشانەشکێنیت دا؟**

- چونکە تاکە یارییە کە نزیك بێت لە دڵی من، نیشانەشکاندن بووە، هەروەها حەز و ئارەزووم بووە تاکو ئەم تەمەنەم.

***وەکو ڕاهێنەر و یاریزان یاریی نیشانەشکێنی لە شاری کەرکووك لە چ ئاستێکدا دەبینی؟**

- بە بۆچوونی من لە ئاستێکی سەرووی مام ناوەندییە ئەم یارییە، چونکە نیشانەشکاندن لەو یاریانەیە کە گرنگیی تەواوی پێ نەدراوە.

*** ئەی لەسەر ئاستی کوردستان ئەم یارییە چۆن دەبینی؟**



**یانەکانی پارێزگای کەرکووک بەردەوام گرنگی بە یاری نیشانەشکێنی دەدەن و شارەکەش خاوەنی چەندین کچ و کوڕە یاریزانی بەتوانایە لەم یارییە کە ئەنجامەکانیان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بەرچاو بووە، یەکێک لە یاریزانەکانی ئەو شارەش کە ئەزموونی زۆری هەیە لە بواری وەرزشی و چاوی لەوەیە بتوانێ ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنێت لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و دەرەوەش، ریزان ئەحمەدی یاریزانی یانەی سۆلاڤە لە شاری کەرکووک کە لە پاڵەوانیەتییەکانی کوردستان و عێراق ئەنجامی باشی بەدەست هێناوە، ریزان ئەحمەد لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٣ی شاری کەرکووکەو پێشتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی سۆلاڤ و خاک و سۆلاڤی نوێ و کەیوان و کەرکووک یاری کردووە، ئێستاش یاریزانی یانەی سۆلاڤە و وەکو سەرپەرشتیار و راهێنەریش کاری زۆری بۆ وەرزش کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمەی دایەوە.**

**کارزان کانەبی**

- وەکو پێویستە، لەبەر ئەوەی ساڵانە خول دەکرێتەوە، دوو جاریش پلەی دووەممان لەسەر ئاستی کوردستان بەدەست هێناوە لە تیپ و تاکیش، هیوام وایە بەرەو پێشتریش بچێت.

*** لە یەك كاتدا دوو ئەرك بەڕێوە دەبەیت، واتە هەم یاریزان و هەم راهێنەری، بەڵام لەکامەیان سەرکەوتووتر بووی؟**

-وەك راهێنەرێك كارم كردووە لە یاریەكانی وەك گۆڕەپان و مەیدان و باسکە و وەك سەرپەرشتیاری تیپ کارم کردووە لە یاری فوتساڵ و تۆپی دەست و بالە و تۆپی سەرمێز.

***بۆ ئەوەی یاری نیشانەشکێنی لە کوردستان پێش بکەوێت، پێتوایە دەبێ چی بکرێت؟**

- زۆر گرنگە هۆڵێکی نیشانەشکاندنی ئەلیکترۆنی دروست بکرێت لە شاری کەرکووك بۆ ئەنجامدانی خولەکان کە بە شێوەیەکی یاسایی خاڵەکان هەژمار بکرێت، بەهەمان شێوە لە کوردستان بۆ بەڕێوەچوونی پاڵەوانیەتییەکان بە شێوەی یاسایی.

***گرفتی ئێوە لە یانەی سۆلاڤ زیاتر چییە؟**

-یانەی سۆلاڤ هەمیشە لە ریزبەندی ئەو یانانە بووە کە پشتگیرییێکی بەهێزی تیپی کچانی کردووە، لێرەوە دەستخۆشی لە سەرۆك و ئەندامانی یانەکەو سەرپەرشتیارو راهێنەری بەتوانا کاک شاخەوان کەریم دەکەم.

*** وەکو کچە یاریزانێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی من وەك ئافرەتێکی وەرزشوان ئەوەیە کە نەوەکانی پاش ئێمە لە کوردستان و لە بواری وەرزشی و بەتایبەتی لە ئاستی کچان گرنگی زیاتریان پێ بدرێت.

*** ئامانجت لە وەرزشکردن چییە؟**

-وەرزش تاکە بوارە لە ژیان کە کەسایەتی خۆمم تێدا دۆزیوەتەوە، هەمیشەش بە دڵسۆزی کارم لەم بوارەدا کردووە.

*** لەم یارییە بە چ یاریزانێکی جیهانی زیاتر سەرسامیت؟**

- بە یاریزانی ئەمەریکی (جینی سراشر) سەرسامم کە ئەو یاریزانەیە پلەی یەکەم و مەدالیای ئاڵتوونی لە ئۆڵمپیاتی ریۆ بەدەستهێناوە.

*** کاتت چۆن بۆ وەرزش داناوە؟**

-هەر کاتێك کاری وەرزشیم هەبووبێت، هەموو کارەکانی ترم لە پێناو وەرزش دواخستووە.

*** لە کۆتاییدا چیت ماوە باسی بکەیت؟**

-هیوادارم وەرزش بەرەوپێش بڕوات و ئەم قەیرانە داراییە لە سەر وەرزشی کوردستان بەگشتی تێپەڕ بێت، بۆ ئەوەی وەرزش لە کوردستان زیندوو ببێتەوە.

# ریاڵ مەدرید
# لە گواستنەوەی یاریزانێکی ئینگلیزی بێهیوا بوو

یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی، یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی لە گواستنەوەی هاری کەینی هێرشبەری یانەکەی بێبەش دەکات.

لەماوەی رابردوودا سەرچاوەکانی هەواڵ بڵاویانکردەوە یانەی ریاڵ مەدرید دەیەوێت لە گواستنەوەی هاوینەدا گرێبەست لەگەڵ هاری کەینی هێرشبەری یانەی تۆتنهام مۆربکات.

رۆژنامەی ئێندیپێندێنتی بەریتانی بڵاویکردووە بەهۆی رێگرییەکانی یانەی تۆتنهام و ماوریسیۆ پۆچیتینۆی راهێنەر، یانەی ریاڵ مەدرید لە گواستنەوەی هاری کەین پاشگەز بووەتەوە.


بەپێی هەمان سەرچاوە یانەی ریاڵ مەدرید دوای ئەوەی لە گواستنەوەی هاری کەین بێهیوا بووە رووی بەرەو رۆبەرت لیڤاندۆفسکی پۆڵەندی و هێرشبەری یانەی بایرن میونخ وەرگێڕاوە.

رۆژنامە بەریتانییەکە بڵاویشیکردووە فلۆرەنتینۆ پیرێزی سەرۆکی یانەی ریاڵ مەدرید بڕیاریداوە هاوینی ئەمساڵ گرێبەست لەگەڵ گۆڵکارێکی ئاستبەرزدا مۆربکات، لە ئێستاشدا لیڤاندۆفسکی لەسەروی لیستی ئەو یاریزانانەدایە کە بۆ پەیوەندیکردن بە ریاڵ مەدریدەوە پاڵێوراون.

لەچەند رۆژی رابردوودا لیڤاندۆفسکی بەڕێوەبەری کارەکانی گۆڕی، بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵیش مەبەست لەو کارەی هێرشبەرە پۆڵەندییەکە بۆ ئەوەیە تاوەکو پەیوەندی بەیانەکەی پایتەختی ئیسپانیاوە بکات.



# تۆتی
## پاڵەوانی جامی جیهانی ٢٠١٨ دەستنیشان دەکات



فرانشیسکۆ تۆتی ئەفسانەی پێشووی یانەی رۆما پاڵێوراوی خۆی بۆ بردنەوەی نازناوی جامی جیهانی ٢٠١٨ی روسیا ئاشکرا دەکات.

لەسەروبەندی مەراسیمی بەخشینی خەڵاتەکانی لۆریۆسی وەرزشی لە مۆنتیکارلۆی فەرەنسا، کە هەریەکە لە تۆتی و فیگۆ و رایان گیگز ئامادەی بوون ئەستێرەکەی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی جامی جیهانی داهاتوو تۆتی گوتی: گرنگترین و گەورەترین پاڵەوانێتی تۆپی پێیە، خۆشترین هەست و سات دەبەخشێتە ئەو یاریزانانەی، کە بەشداری تێدا دەکەن.

گوتیشی: بەداخەوە هەڵبژاردەی ئیتاڵیا بەشداری ناکات، بەڵام بەڕاستی پاڵەوانێتیەکی سەرنج راکێش دەبێت.

لە کۆتاییشداو لە بارەی پاڵێوراوی تۆتی بۆ دەستەبەرکردنی نازناوی مۆندیالی روسیا، ئەفسانەکەی یانەی رۆما هەڵبژاردەی بەرازیلی بە بەهێزترین پاڵێوراوی دەستەبەرکردنی نازناوەکە دیاریکردووە.

# ئەنشیلۆتی چاوی لە خولی ئینگلیزیە



کارلۆ ئەنشیلۆتی ئیتاڵی و راهێنەری پێشووی یانەی بایرن میونخ دەیەوێت جارێکی دیکە بۆ کارکردن بگەڕێتەوە بۆ خولی ئینگلیزی.

رۆژنامەی دەیلی ستاری بەریتانی بڵاویکردووە، کە ئەنشیلۆتی بە هاوڕێ نزیکەکانی راگەیاندووە دەیەوێت بۆ کارکردن بگەڕێتەوە بۆ خولی ئینگلیزی.

رونیشیکردووە ئەنشیلۆتی دەیەوێت لەکاتی دوورخستنەوەی ئارسن ڤینگەر لەهاوینی ئەمساڵدا، پۆستی راهێنەرایەتی ئەرسناڵ وەربگرێت و ببێتە جێگرەوەی راهێنەرە فەڕەنسییەکە.

ئەنشیلۆتی لەو کاتەوەی لە مانگی (٩)ی رابردوو لە پۆستی راهێنەرایەتی بایرن میونیخ دوورخرایەوە، پۆستی راهێنەرایەتی هیچ یانەیەکی وەرنەگرتووە.

بەپێی هەمان سەرچاوە بەرپرسانی ئەرسناڵ ئارەزووی مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ لویس ئینریکی راهێنەری پێشووی یانەی بەرشلۆنە دەکەن، کە ئەمەی دووەمیان لە وەرگرتنی پۆستی راهێنەرایەتی چێلسی نزیکە.

دەیلی ستاری بڵاویشیکردووە سێ یاری داهاتووی ئارسناڵ بەرانبەر مانچستەر سیتی و برایتۆن لە خولی ئینگلیزی و دواتریش میلان لە خولی ئەورووپی لەسەر چارەنوسی ڤینگەر یەکلاکەرەوە دەبێت.



## هەولێر لە خولی ع

دوای دوورخستنەوەی لە خولی پلە نایابی یانەکانی عێراقی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر بڕیاریدا تیپی تۆپی پێی یانەکە، جارێکی دی بەشداری خولەکانی عێراقی بکاتەوە، بەڵام ئەم جارە جیاوازە لە خولەکانی دیکە، چونکە بەشداری لە خولی پلە یەکی یانەکانی عێراقی دەکات، کە پێشووتر تیپی هەولێر یەکێك بووە لە تیپە سەرسەختەکانی شەڕکردن لەسەر نازناوی خولی نایابی یانەکانی عێراقی، کارگێڕی یانەی وەرزشیی هەولێریش بە ئامانجی سەرخستنەوەی تیپەکە بۆ خولی نایابی یانەکانی عێراقی بە فەرمی عەلی وەهاب-ی بە ڕاهێنەری خولی عێراقی تیپەکەی دەستنیشان کرد. لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەیی سەرۆکی یانەی وەرزشیی هەولێر ڕاهێنەرە تازەکەی بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ناساند، عەلی وەهاب بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەوەی ئاشکرا کرد کەوا هاتووە بۆ ئەوەی یانەی هەولێر بباتە قۆناخێکی تری خولی عێراقی، ئەویش خولی نایابی یانەکانی سەرتاسەری عێراقە، گوتیشی: «هەوڵ دەدەین بە پشتیوانیی دەستەی کارگێڕیی یانەکە و یاریزانان و هاندەرانی تیپەکە



### بەیار ئەبوبەکر:
# بەو پەڕی شانازییەوە ئامادەم بۆ هەڵبژاردەی کوردستان یاری بکەم

دوای ئەوەی بەیار ئەبوبەکر یاریزانی پێشووی یانەی دهۆك و ئێستای زێرەڤانی ئەمساڵ لە خولی پلە نایابی یانەکانی عێراقی ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە، لەگەڵ یانەی نەفتی شاری بەغدا لەسەرجەم یارییەکانی یانەکە ئەمساڵ بە شێوەی سەرەکی یاری کردووە بە هۆی ئاست بەرزییەوەش لەلایەن باسم قاسمی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشتی ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق کرابوو، لە خولی نایابی کوردستانیش بۆ یەك یاری ڕێگەی پێدرابوو بۆ یانەی زێرەڤانی یاری بکات. بەیار ئەبوبەکر لەبارەی گەڕانەوەی بۆ کوردستان تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «من ئەمساڵ تەنیا بۆ یەك یاری لەلایەن ستافی کارگێڕی یانەی زێرەڤانی داواکرابووم، ئەویش بە ڕەزامەندی یانەی نەفت، ئەوکات توانیم یاری بۆ یانەی زێرەڤانی بکەم، هەر کاتێکیش یانەی نەفت ڕازی بێت من ئامادەم یاری بۆ زێرەڤانی بکەم، ئێستاش لە خولی عێراقی سەرقاڵی یارییەکانم و ئاستی خولەکە زۆر بەرزە، هەر کاتێکیش یەکێتی تۆپی پێی کوردستان داوام بکات بۆ یاریکردن بۆ هەڵبژاردەی کوردستان ئەوا بەو پەڕی شانازییەوە دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان و یاری بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەم دەکەم.» سەبارەت بە ئایندەشی لەگەڵ تیپەکەی شاری بەغدا گوتی: «زۆر دڵخۆشم لە یانەکە، چونکە لەوێ گرنگیی زۆر بە یاریزانان دەدرێت، جگە لەوەش ئاست ڕۆڵی خۆی هەیە و هیچ یاریزانێك ناتوانێ ئاستی باش نەبێت، یاری بکات، بۆیە تاکو ئێستا بیرم لە ڕۆیشتن نەکردۆتەوە.»



## ـــــــــــــێراق جیاواز دەبێت

بتوانین یانەی هەولێر بگاتەوە بە خولی نایاب، هەولێیش دەدەم پشت بە یاریزانانی شاری هەولێر ببەستم بۆ ئەوەی پێکهاتەیەکی تۆکمە و بەهێز دروست بکەین بۆ یارییەکانی داهاتوومان، باشترین یاریزانیش بۆ شاری هەولێر دروست بکەین لە ماوەی داهاتوو، یانەی هەولێریش خاوەنی کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانایە.» جێگای ئاماژە پێکردنە عەلی وەهاب پێشووتر راهێنەری هەریەك لە یانەکانی (نەفت و کەرخ و سەماوە و نەفتی جنوب) بووە لە خولی نایابی عێراقی و لە خولی پلە یەکیش سەرپەرشتیی هەریەك لە یانەکانی (سلێخ و سەماوە و حدود و سەلاحەدین)ی کردووە و سەرجەم تیپەکانیشی سەرخستووە بۆ خولی پلە نایابی عێراقی و راهێنەرێکی بە ئەزموونە لە خولی عێراقی، ئەمساڵیش هەموو هیواو ئاواتێکی ئەم راهێنەرە سەرخستنی یانەی هەولێرە جارێکی تر بۆ خولە گەورەکەی عێراق، یانەی هەولێریش بەنیازە ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرز بگوازێتەوە ریزی یانەکەی لەگەڵ یاریزانانی خۆی تێکەڵیان بکات و پێکهاتەیەکی تۆکمەی لێ دروست بکات بۆ خولی پلە یەکی عێراقی.



## یانەی کفری ئامانجی گەورەی هەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی کفری ئەمساڵ لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان ئامانجی گەورەی هەیە، ئەویش گەیشتنە بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، تیپەکەش سەرەڕای گرفتی دارایی و نەبوونی توانای دارایی باش، بەڵام ئامانج و هیوای تیپەکە و هاندەران گەیشتنە بە خولە گەورەکەی کوردستان، لەبارەی هەوڵ و ئامانجی تیپەکەش سەلاح نوری کاپتنی یانەی کفری بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ ئێمە کە لە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان یاری دەکەین هەر چەندە دوای ١٣ یاری ئەو کات تووشی یەکەم شکست بووین، ئەوەش بۆ ئێمە گرفت نییە، چونکە لە ریزبەندی خولەکە لە پلەی سێیەمی خولەکەداین و ئامانجمان ئەوەیە لە یارییەکانی داهاتوو قەرەبووی ئەو شکستەش بکەینەوە و بگەینە سەرووی ریزبەندی یانەکان، هەرچەندە گرفتی داراییشمان هەیە، چونکە ژێرخانێکی باشی وەرزشیمان نییە لە یانەکە، جگە لەوەی کە مووچەی یاریزانان زۆر کەمە، بەڵام خاوەن ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشین لە شارەکە، بۆیە هیوای ئێمە تەنیا گەیشتنە بە خولی نایابی یانەکانی کوردستان.»